# پێشمەرگەی دێرین و جاشی خۆماڵی

**ئەحمەد رەجەب**

بەرێ گەندەڵی.

نازانم تاکەی بێدەنگ بین، تاکەی مافمان زەوت بکرێت، تاکەی مافمان بدرێت بە کەسانی تر، تاکەی بەرپرسانی کوردستان خۆیان بە پێشمەرگە بزانن و مافی پێشمەرگە پێشێل بکەن و، بۆ خۆیان و کەسوکارو خزم و دەستوپەیوەندەکانیان هەموو شتێك دابین بکەن و، وەك بڵێیت کوردستان تەنهاو تەنها ولاتی ئەوانەو، دەبێت هەموو (خەیرو بەرکەتی)  هەر بۆ ئەوان بێت، تا کەی رووی دێزی گەندەڵی ریسوا نەکەین، تاکەی رێزی جاش بگیرێت و، پێشمەرگە فەرامۆش بکرێت؟؟ تاکەی راپۆرت نووسەکانی رژێمی بەعسی فاشی لە ژێر پەردەوە رێزیان لێبگیرێت.

پێشمەرگە: ناوێکی بەرزەو هەموو کات لە پێناو بیرو باوەرو نیشتمان و گەلدا خۆی بەخت کردووەو دژ بە رژێمە دیکتاتۆرییەکان و بیری شۆڤەنیستی و رەگەزپەرستی دەسەلاتە داگیرکەرەکانی نیشتمان جەنگاوەو، بەوەش سەربەرزی بۆ خاك و گەلەکەی تۆمارکردووەو، رۆژ نییە بەرپرسانی کوردستان بازرگانی بەو وشە درەوشاوەیە نەکەن و لاف وگەزافی درۆو دەلەسە لە سەر یەك کەڵەکە نەکەن.

جاش: ناوێکی نزمەو هەموو کات بووەتە دەسکەلاو ئەمرازی دوژمنانی خۆێنرێژ بۆ کوشتن وبرین و لەناوبردنی رۆڵە دڵسۆزە بە ئەمەکەکانی نیشتمان و لە سەنگەری دوژمنان و پیاو خراپ بووەو، هەموو کات  شان بەشان لەگەڵ سوپاو جەیشی (شەعبی) و مێردزمەکانی بەعسی خۆینرێژ دژ بە سەربەستی و خواستی خاك و نیشتمان و گەلدا شەری کردووە.

هێزو پارتە کوردستانییەکان و حزبی شیوعی عێراق پێشمەرگەیان هەبوو، هەریەك لەمانە بە دروشم و خواستی جیاجیا خۆیان دەناساندو،ئەوەی جێی خۆشی و رەزامەندی بوو لە سەنگەری گەلدا دژ بە داگیرکەرانی کوردستان خەباتیان دەکرد.

حزبی شیوعی عێراق: هیچ کات بەرامبەر بە دوژمنی دیکتاتوری فاشی سارد نەبووە، پێشمەرگەکانی زۆر کارامەو گورجوگۆڵ بوون و پەلاماری دوژمنیان دەداو، ئەگەر لە پێشمەرگەی لایەنەکانی تریان زۆرتر نەکردبێ، قەت کەمتریان نەکردووە.

خۆێنی پێشمەرگە شیوعییەکان لە گەڵ خۆێنی پێشمەرگەی لایەنەکانی تری سەر گۆرەپانی تێکۆشان لە چەندان شەرو داستاندا ئاوێتەو تێکلاوی یەکتر بوو ، بۆ نموونە لە داستانی سۆێلەمیشدا خۆێنی پێشمەرگەی حزبی سۆشیالیستی کوردستان شەهید شێخ جەلال بەرزنجی نەمر تێکلاوی خۆینی پێشمەرگە نەمرەکانی حزبی شیوعی عێراق شەهیدان یاسین حاجی قادرو جەلال وەندەرێنەیی و ساماڵ ئەکرەم و حەمە عەلی فەقێجنەیی و کازم وروار بوو، هەروا لەگەڵ پێشمەرگە دلێرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گرتنی شارۆچکەی قەرەداغ و،پێشمەرگە ئازاکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە داکۆکی کردن لە خاکی پیرۆزی کوردستان لە دێی تازە شارو وئاوایی شێخ حەمیدو بناری گلدا دژ بە پرۆسەی چەپەڵی ئەنفال و،لە دەیان شەرو داستانی هاوبەشی تردا خۆینیان تێکلاو بوو..

راگەیاندنی هەردوو حزبی زلهێزی کوردستان تەرخان کراوە بۆ باسکردنی حکومەتی یەکگرتووی کوردستان کە تا ئێستا یەکگرتوو نییە، نموونەش بۆ ئەو راستییە لە هەر بوارێکدا (تەنها) و (تەنها) دوو (2) وەزیرمان هەیە، گەورترین حکومەت لە جیهاندا 7 یان 8 وەزیری هەیە، بەلام ئێمەی کورد (خوا نەیبری) 42 وەزیرمان هەیە و، ئەوەش جۆرێکی زەقە لە گەندەڵی.

پێشمەرگەی دێرین بە هۆی (تەنها) دوو (2)  وەزیری پێشمەرگە، یەکێکی سلیمانی و یەکێکی هەولێر  دوو جۆر موچە وەردەگرن، لە سلیمانی پێشمەرگە 60 هەزار دینارو، لە هەولێر 315 هەزار دیناریان هەیە، چونکە شتومەك لە هەردوولا زۆر هەرزانەو، بازارەکانی سلیمانی و هەولێرو دهۆك نەبوونەتە زبڵخانەی ولاتە داگیرکەرەکانی کوردستان.

بەرپرسانی کوردستان شانازی دەکەن بەوەی  کە لە بازاردا بۆ نموونە سێ چوار جۆر کەرەوس هەیە: تورکی، سوری، ئێرانی و، خۆماڵی و، دیارە خەڵك حەز لە شتومەکی بیانی دەکەن و، بە خەیاڵی خۆیان سوریا وتورکیاو ئێران لە ولاتە پێشکەوتووەکانی دونیایە.

دۆێ گەنیووی ئێرانی لە هەولێری پایتەخت دەفرۆشرێت، ئەوە روخساری ئەمرۆی بازارەکانی کوردستانی یەکگرتووی ئازادە.

له دووای رێكەوتنامەی واشنتۆن له نێوان پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی نیشتمانی كوردستان هەردوو مەكتەبی سیاسی ئەو دوو حزبە تا ئێستا كۆبوونەوە له دووای كۆبوونه ئەنجام دەدەن و، له پاش كۆبوونەوەكاندا ئەندامانی پێشكەوتووی هەردوولا جەخت له سەر ئەوە دەكەنەوە كه كۆبوونەوەكەیان سەركەوتوو بووە، به بێ ئەوەی هیچ شتێك بۆ خەڵك روون بكەنەوەو، ئەوەش جۆرێكی تری گەندەڵییه، چونكه كەس نازانێت باسی چی دەكرێت.

لەم دووایەدا هەردوو حزبی زلهێزی كوردستان پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی نیشتمانی كوردستان رێكەوتننامەی پەیوەندی ستراتیژییان ئیمزا كردو، نه تەنها خەڵك نەیزانی ونازانێت چی تیادایه، بەڵكو پێویسته بوترێت 10 – 12 كەسی سەركردایەتی یەكێتی نیشتمانی یاداشتێكیان دا به مەكتەبی سیاسییان و داوایان كرد ناوڕۆكی ئەو رێكەوتنه بۆیان ئاشكرا بكرێت. ئایا له رۆژگاری ئەمرۆدا ئەو جۆره كارانه جۆرێك له گەندەڵی نین؟؟.

ئێمەش وەك خەڵك پێشمەرگه بووین و هیچمان دیار نییه، بەلام كەسانی تر بوونه خاوەن ئاپارتمان و كۆشك و تەلارو وخانووی زستانه و هاوینەهەوارو ئۆتۆمبێل و كارخانه وهتـــد......

نازانم ئەو پاره زۆرەیان چۆن چۆنی دەستكەوت؟؟ خوا نەیبرێت، دیاره له سایەی گەندەڵی و شوقەكانی زكریا پاره (دەبارێت).

نازانم زكریا چۆن چۆنی توانیویەتی له گەڵ توركان وكاربەدەستانی كوردستان ریكەوتن مۆر بكات وخۆی بگونجێنێت و جوانترین باڵەخانه له هەولێرو سلیمانی قیت بكاتەوە، بۆ ئەوانی زەكریا ناناسن، ئەم زاته له سوید دەژیا وەك گۆرانیبێژو له سەر سوسیال واته پارەی كۆمەلایەتی دەژیا كه مانكی له 300 – 400 دولار تێپەر نەدەبوو، جاروبار لەم شارو لەو شار گۆرانی دەچری به 200 یان 300 دولارو. كەس نازانێت چۆن ئەو هەموو باڵەخانه نایابانی دروست كردووە.

با واز لەو جۆره كارانه بێنین و باسی پێشمەرگەی دێرین بكەین.

له سلیمانی به هەوڵ و كۆششی هاورێیانی حزبی شیوعی و برادەرانی یەكێتی نیشتمانی كۆمەڵەی پێشمەرگه دێرینەكان دامەزراو دیاره ئەو كارەش، كارێكی باش و پۆزەتیڤانەیه بۆ داكۆكی كردن له مافی رەوای پێشمەرگه دێرینەكان و، وەك من بزانم زۆر هەوڵیان داوه پێشمەرگەی هەموو لایەنەكان له دەوری خۆیاندا كۆ بكەنەوەو، بەلام خواستیان تا ئێستا نەهاتووەته دی و، پێشمەرگەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان دوورەپەرێزن و، نایانەوێ خۆیان بەو كۆمەڵەیه گرێ بدەن.

له كوردستان هەر وەك چۆن هەندێ له پێشمەرگه زەوی (ئەرز) و خانەنشینی وەر دەگرێت، جاش و جەیش شەعبی و موختاری راپۆرت نووس و خاوەن فایلەكان كه سیخورییان بۆ حزبی بەعس و رژێمه خۆینرێژەكەی بەغدا دەكرد ئەرزو خانەنشینی وەردەگرن، به پێی قسەكانی هاورێی بەرپرسی پێشمەرگه شیوعییەكانی حزبمان (حزبی شیوعی كوردستان) تەنها 24 ـ بیست و چوار ئەرزه له سلیمانی دراوه به ئێمه.

كار بەوەش نەوەستاوه هەندێ لەو جاش و موختار راپۆرت نووسانه بوونەته دەمراستی بەرپرسه گەورەكان، هەر بۆ نموونه ئەو موختاره روورەشه راپۆرت نووسه كه دایكمی دا بەگرت و (ئەو كات دایكم تەمەنی 70 ساڵ دەبوو) به زیلێكی عەسكەری راپێچیان كرد، ئێستاكه دەمراست و نوێنەری خودی بەرێز مام جەلالەو مووچەیەكی باش وەردەگرێت وسەرەرای ئەوەی كه خۆی له بنچینەوە ئەرزەی هەیه، ئەرزەی تریشی وەرگرتووە، دیاره كوردستان تاپۆی ئەو جۆره كەسانەیەو، تا جاش و خاوەن فایەل ماوه پێشمەرگەی دێرین بێ بەشە.

من تێناگەم بۆ دەبێت حزبی شیوعی تەنها له سلیمانی یەك كەسی هەبێت به پلەی فەرماندەی فەرمانده (فئه 1)، یان یەك كەس به (فئه2) ؟؟، ئەی بۆ له هەولێرو دهۆك ئەو جۆره پلانه نین، له كاتێكدا هەموو كەس تەنانەت حزبەكانی تری كوردستان باش دەزانن حزبی شیوعی تەنها مەڵبەندی سلیمانی كەركوكی نەبوو، دەزانن مەڵبەندی هەولێرو مەڵبەندی بادینانی هەبوو، ئەی بۆ ئەوان فەرماندەی فەرماندەی (فئه 1 و 2) یان نییه؟؟، له كاتێكدا هەموو مەڵبەندەكان وەك یەك خاوەن دەسەلات بوون و،هەروا وەك یەك له رووی رێكخستن وعەسكەری ئابورییەوە كاریان دەكرد.

دیاره لەناو خۆشماندا وەك حزبی شیوعی كوردستان گەندەڵی هەیه، چونكه پلەو پایەكان وەك یەك دابەش نەكراون و، خزم و دوست و دراوسێ ئەگەر پێشمەرگەش نەبن، یان پێشمەرگه بن وخزمەتیان كەمتر بێت (حیسابی) تایبەتییان بۆ كراوەو، خراونەته جێی ئەوانەی كه خزمەتیان زۆرتره یان پلەیان بەرزتره.

با لێرەوە باسێكی كورتی خۆم بكەم :

من هەموو مەرجەکانی پێشمەرگەی دێرینم هەیەو دابراو نەبووم، پێشتر  مووچەیەکی کەمم وەردەگرت 165 هەزار دینارو ناوم فەرماندە بوو، لە سەرەتای ساڵی 2007 وە، وابزانم لە مانگی (3) وە بووم بە فەرماندەی فەرماندە  بەلام  (بیً فئە) بە مووچەی مانگانە (345) هەزار دینار، نازانم پارەی ئەو چەند ساڵەی پێشووم لای کێیە و؟؟ بۆچی لە سەرەتاوە فەرماندەی فەرماندە نەبووم؟؟؟!!!!!!!!!!!!!!، لێرەدا دەست دەکەمە چاو ئەو کەسەی کە لە منی زیاتر کردووە، یان پلەی عەسکەری لە من زیاترە، تا کەی گەندەڵی بمێنێت، ئەوەتا هەموو شتێك بۆگەنی کردو، (عەیب و شوورەیە) هەندێ بەرپرس وخاوەن دەسەلات چ لە ناو حزب و چ لە ناو حکومەتدا کر کەوتبێ.

هەموو هاورێیان هەر لە سەرکردایەتی حزبەوە کە ئەو کات حزبی شیوعی عێراق بوو تا دەگاتە هاورێیانی کۆمیتەکانی خوارەوەو هێزی پێشمەرگەی حزب دەزانن دووا پلەی عەسکەریم نە تەنها بەرپرسی بەرێوەبردنی ئابووری مەڵبەندی سلیمانی و کەرکوك بوو، بەڵکو ئەندامی کارگێری (3) کۆمیتەی سەرەکی بووم، لە رێکخستنندا ئەندام بووم و، هەروا لە عەسکەری ئەندام بووم و کۆمیتەکە لەم هاورێیانە پێکهاتبوو: مولازم قوسەی، شیخ رەسول، ئەحمەد رەجەب و، بەرپرس بووم لە کۆمیتەی دارایی کە پێکهاتبوو لەم هاورێیانە : ئەحمەد رەجەب، تەحسین محەمەد خەلیل ـ بابی دڵشاد و حاتم چاوشین. ئیدی نازانم بۆ، لە بەرچی مافی خۆم نەدرێتێ؟؟، ئەی ئەو مافە بە کێی دراوە؟؟، ئەم پرسیارە باشتروایە وەزارەتی پێشمەرگە وەلامی بداتەوە.

بەو پێیەی سەرەوە پلەی عەسکەریم بەرزەو، لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە مووچەکەم نزمەو ئەرزەم وەرنەگرتووەو کەسیش باوەر ناکات و، هەموو دەڵێن ئەگەر ئەرزە بە تۆ نەدرابێت، ئەی بە کێ دراوە؟؟ یان دەڵێن: ئەگەر ئەوە حاڵی تۆ بێت ئەی ئێمە (چ) بکەین؟؟، جارێکی تر ئەوە دووپات دەکەمەوە کە یەك بست ئەرزەم نییەو، ئەو ئەرزەش کە کاتی خۆی لە میریەوە وەك فەرمانبەری پەروەردەی سلیمانی لە گەڵ هاورێکانمدا وەرم گرتبوو لای دووریانی سەرچنار ـ سلیمانی (خانوەکانی پەروەردە) بوو بە قوربانی سالانی پێشمەرگایەتی و نازانم بە کێ دراوە؟؟ یان کێ دەستی بەسەردا گرتووەو، ئەگەر نەدرابی بە رەفیق حزبییەکی بەعسی یان موستەشارێکی جاش یان خاوەن فایلێکی سیخور، چونکە ئەو جۆرە کەسانە زۆرن وتا ئێستا رێزیان لێدەگیرێت و، لە کاسە لێسی نەکەوتوون و دەیانەوێت دیسانەوە سەر هەڵبدەن.

من داوا لە وەزارەتی پێشمەرگە دەکەم مافی هەموو لایەك وەك یەك بپارێزن و، جیاوازی لە نێوان پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی وپارتی و یەکێتی و حسك و زەحمەتکێشان نەکرێت و بە یەك چاو سەیری هەمووان بکرێت و، هەوڵ و یارمەتیمان بدەن بۆ ئەوەی چیتر بەم تەمەنە لە هەندەران نەمێنینەوە.

داوا لە وەزارەتی پێشمەرگە دەکەم ئەم چەند دێرەی (من) نووسیوومە بخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوەو،چاوبەم داوایە بخشێنێت و، هەروا داوا لە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان دەکەم کەپشتگیری لە مافی رەوای پێشمەرگە بکەن و، هەر بەو شێوەیە پشتگیری لە منیش بکەن بۆ ئەوەی مافە زەوتکراوەکانم بدرێتەوەو، پلەی (فئە) دارم بدرێت وەك پێویست.

لەم نووسینەدا تەنها مەبەستم خۆم نەبووم، مەبەستم هەموو ئەو پێشمەرگانەیە کە بەشیان خوراوەو مافیان زەوت کراوە، بە تایبەت پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی کوردستان لە هەر کوێ بن وهیوادارم هیچ پێشمەرگەیەك (پەراویز) نەکرێت.

بژی پێشمەرگەی دێرین، بژی هێزی گەل.

بمرێ بەعسی خوێنرێژو جاش و موستەشارو و خاوەن فایەلی پاشەڵ پیس و موختاری روورەشی راپۆرت نووس.

2007/10/5